پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە بەینی دوو سوجدەکەدا دەیووت: (رب اغفر لي، رب اغفر لي)

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە بەینی دوو سوجدەکەدا دەیووت: (رب اغفر لي، رب اغفر لي) واتە: (پەروەردگارم لێم خۆش بە، پەروەردگارم لێم خۆشبە)».
[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والنسائي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتی دانیشتنی نێوان دوو سوجدەکە دەیووت: (رب اغفر لي، رب اغفر لي) واتە: (پەروەردگارم لێم خۆش بە، پەروەردگارم لێم خۆشبە)، ودووبارەی دەکردەوە. وماناى (رب اغفر لي * پەروەردگارم لێم خۆش بە) ئەوەیە: بەندە داوا لە پەروەردگارى دەکات کە گوناهەکانى بسڕێتەوە وعەیب وکەموکورتیەکانى دابپۆشێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65104